المملكة العربية السعودية
الرئاسة العامة
لهيئة الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر
الإدارة العامة للتوعية

رؤية VISION 2030
المملكة العربية السعودية
KINGDOM OF SAUDI ARABIA


كردي

# شاخی حەڕا


پێداچونەوەی
فضيلة الشيخ د. محمد بن فهد الفريح





الرئاسة العامة لهيئة الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر - الإدارة العامة للتوعية
هاتف ٠١١٤٩٠٨٤٨٦، فاكس ٠١١٤٩٠٨٥٦٦،
ص. ب ١٤٠٣٣ الرياض ١١٤٢٤ المملكة العربية السعودية
www.pv.gov.sa


تر لە پێشینەکان، کەسیان نەدەڕۆیشتن بۆ ئەشکەوتی حەڕا و دەوروبەری بۆ نوێژکردن تیایدا یاخود بۆ دوعاکردن... و زانراوە کە ئەگەر ئەمە کارێکی ڕێپێدراو و خۆشەویست بووایە کە خوا پاداشتی لەسەری بدابووایە، ئەوا بێگومان پێغەمبەر (د.خ) زاناترین کەس دەبوو بەمە و ئەمەی بە هاوەڵەکانیشی دەوت، و هەروەها هاوەڵەکانیشی زاناتربوون لەوانەی دوای خۆیان، بەڵام هیچ بەدوای شتی وادا نەدەڕۆیشتن، وەك دەزانرێ ئەمە لە بیدعە نوێکانە، کە ئەوان ئەمەیان بە پەرستش و نزیکبوونەوە و گوێڕایەڵیکردن دانەناوە، و ئەوەی بیکات بە پەرستش و نزیکبوونەوە و گوێڕایەڵیکردن ئەوە شوێنی ڕێگای ئەوان نەکەوتووە، و شتێکی داهێناوە لە ئایین کە خوا ڕێگەی پێنەداوە».(٤)

**سێیەم: ئەو بیدعە و سەرپێچییانەی هەندێك لە حاجییان تووشی دەبن:**

هەندێك لە حاجییان دەکەونە ناو هەندێك لە بیدعە و سەرپێچی لەسەر شاخی حەڕا،

(٤) اقتضاء الصراط المستقيم (٢ / ٣٣٣).

و هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە پێیانوایە ئەم شوێنە پیرۆزە و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، باسی ناڕاستی ئەمەمان کرد، و بۆ ئەوەی حاجی ئاگاداربێت لەوەی نەکەوێتە ناو ئەو بیدعە و سەرپێچییانەوە باسی هەندێکیان دەکەین:

١. سەردانیکردنی شوێنەکە و سەرکەوتن بەسەر شاخەکەدا بە مەبەستی پەرستش، و باوەڕهێنان بەوەی کە پیرۆزی و تایبەتمەندێتی هەیە.
٢. داواکردنی دوعا لەوێ و بەرزکردنەوەی هەردوو دەست بۆ ئەوێ وەك ئەوەی داوای لێبکەی.
٣. نوێژکردن تیایدا.
٤. نووسین لەسەری.
٥. تەوافکردن بە دەوریدا.
٦. تەبەڕوککردن بە دار و بەردەکانی و بەستنەوەیان بە پارچە قوماش.
٧. دانانی نامەی نووسراو لە پارچە کاغەز یان قژ یان پارە یان وێنە لە نێوان

درزی بەردەکان لەبەر بیروباوەڕی جۆراوجۆر، وەك ئەوەی کە دووبارە بگەڕێیەوە ئەوێ، یاخود فلانە کەس حەج بکات یان بۆ شیفای نەخۆشێك، یان ئافرەتێك دووگیان ببێ.

جگە لە چەندین هاوەڵ بڕیاردان وسەرپێچی و خورافەی تر کە خوا بە هی جۆرێك فرمانی پێنەکردووە.

**یەکەم: ناساندنی:**

دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی مزگەوتی حەرامەوە، لەسەر رێگای تائیف و (السیل)، و (٤ کم) لە مزگەوتی حەرامەوە دوورە، بەرزییەکەی دەگاتە نزیکەی (٢٨١م)، لوتکەکەی وەکو پشتی حوشترە، و رووبەرەکەی پێنج کیلۆمەترە.

و لە پێشەوەی درزێك هەیە کە لەوێوە مزگەوتی حەرام دەبینێ، درێژی ئەم ئەشکەوتە نزیکەی (٣م) (١).

**دووەم: راستییەکەی:**

شاخی حەرا ئەو شاخەیە کە پێغەمبەر (د.خ) لەوێ بەر لە ناردنی خەڵوەت و پەرستشی دەکرد، و جاری یەکەم جبریل لە ئەشکەوتی حەرا دابەزی، خوا دەفەرموێ: **{ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ (٥) }** [سورة العلق:١-٥].

(١) بروانە: التاريخ القويم للكردي(٤١١/٢)، الجامع اللطيف (لاپەرە ٢٩٩)، عدة الإنابة للمتقي (لاپەرە٢٢٦).

لە عائیشە وە-خوا لێی رازیبێت- فەرموویەتی: «وەحی بۆ پێغەمبەر (د.خ) یەکەمجار بە خەونی چاك لە نووستندا دەستییپێکرد، هەموو خەونێك لای ئەو وەك هەڵاتنی رۆژ بوو، پاشان حەزی لە خەڵوەت کرد، بە تەنیا لە ئەشکەوتی حەرا دەمایەوە و پەرستشی تێدا ئەنجام دەدا بەر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای خێزانەکەی بۆ ئەوەی خواردنی پێویست بهێنێ، پاشان دەگەڕایەوە بۆ لای خەدیجە و خواردنی پێویستی دەهێنا، تا ئەو کاتەی حەقی بۆ هات لە کاتێکدا کە لە ئەشکەوتی حەرا دا بوو، مەلەك هات و پێی وت: بخوێنە، فەرمووی: «ناتوانم بخوێنم»، فەرمووی: «منی برد و بە جۆرێك داپیۆشیم کە ماندووی کردم و پاشان بەریدام، و وتی: بخوێنە، وتم: ناتوانم بخوێنم، دووبارە منی برد و بە جۆرێك داپیۆشیم کە ماندووی کردم و پاشان بەریدام، و وتی: بخوێنە، وتم: ناتوانم بخوێنم، بۆ جاری سێیەم منی برد و پاشان بەریدام، و وتی: **{ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) }** [سورة العلق:١-٣] (٢).

ئەمە ئەو شاخەیە کە پێغەمبەر (د.خ) پێی وت: حەرا بوەستە، لە ئەبی هورەیرەوە (ر.خ): «پێغەمبەری خوا (د.خ) لەسەر شاخی حەرا بوو و شاخەکە جووڵا و پێغەمبەری خوا (د.خ) فەرمووی: «حەرا بوەستە ئەوەی لەسەر تۆ وەستاوە تەنها پێغەمبەرێکە، یان راستگۆیەکە، یان شەهیدێکە».

لەو کاتەدا پێغەمبەر (د.خ) و ئەبو بەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و تەڵحە و زوبێر و سەعدی کوری ئەبی وەقاس-خوا لێیان رازیبێت- لەسەر شاخەکە بوون. (٣)

و ئەم ئەشکەوتە-ئەشکەوتی حەرا- کە لەسەر بەرزایی شاخەکەیە، نەهاتووە کە پێغەمبەر(د.خ) گەڕابێتەوە ئەم شوێنە لە پاش هاتنەخوارەوەی وەحی، بەڵکو تەنانەت پاش فەتحی مەککەش و لە

(٢) بوخاری دەریهێناوە (٣/١) بەژمارە: (٣)، وموسلیم (١ / ٩٧) بەژمارە: (٤٢٢).
(٣) موسلیم دەریهێناوە (٧ / ١٢٨) بەژمارە: (٦٤٠١)

کاتی حەجکردنیشیدا، نە خۆی و نە هاوەڵەکانی سەردانیان نەکردووە، ئیبن تەیمییە دەڵێ: «خەڵوەتکردن و پەرستشی لە ئەشکەوتی حەرا لە پێش ناردنی بووە، پاش ئەوەی کە خوا چاکەی لەگەڵ کرد بە پێغەمبەربوونی و پەیامەکەی، و لەسەر خەڵکی فەرزکرد کە باوەری پێبهێنن و گوێرایەڵی بکەن و شوێنی بکەون، و چەندین ساڵ لە مەککە مایەوە لەگەڵ ئەوانەی کە باوەریان پێهێنا لە موهاجیرینە پێشینەکان کە باشترین دروستکراوی خوان، نە خۆی و نە کەس لە هاوەڵەکانی نەچوون بۆ حەرا، پاشان چووە مەدینە و چوار جار عومرەی کرد... و لە هەموو ئەمانەدا، نە خۆی و نە هیچ یەکێك لە هاوەڵەکانی نەهاتنە ئەشکەوتی حەرا، و سەردانیان نەکرد، و سەردانی هیچ شوێنێکی تریان نەکرد لە دەوروبەری مەککە، هیچ پەرستشێك نەبوو جگە لە ناو مزگەوتی حەرام و لە نێوان سەفا و مەروە، ومینا و موزدەلیفە و عەرەفات دا نەبێ... پاش ئەویش خولەفا راشیدینەکان، و ئەوانەی